# فایلی لیوا کەمال موفتی، وەزیری پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاودەکاتەوە

● لە چوارچێوەی ئەو راپۆرتە دووروودرێژەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هەواڵگریی سەربازیی کە بۆ وەزارەتی بەرگری ئەوکاتەی رژێمی عێراق کە تایبەتە بە سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی (یەکێتیی و پارتی)رەوانەکراوە لە چەند شوێنێکی راپۆرتەکەدا ئاماژە کراوە بۆ رەزامەندبوونی لیوا (کەمال موفتی) بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ رژێمی عێراقدا، لیوا (کەمال موفتی) لە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پۆستی وەزیری پێشمەرگەی وەرگرتووەو ئێستاش جێگری وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پێشمەرگە، ئەو راپۆرتە زۆر نهێنییەو تایبەتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگریی سەربازیی عێراق، ئاراستەی وەزیری بەرگریی ئەوکاتی رژێمی عێراق کراوە بە ژمارە (ش٣/ق٥/١٠٥٣) لە رۆژی (١٤)ی شوباتی (١٩٩٣ز.). بەرامبەر (٢٣)ی شەعبانی (١٤١٣)ی کۆچی کە ئیمزاو مۆری وەزارەتی بەرگریو بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازیی لەسەرە.


ئەم راپۆرتە، وەك لە ژمارەی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد لەلایەن (سەعید ئەسعەد شیتنەو رەسوڵ ئەسعەد شیتنە)وە زانیارییەکانی دراوە بەو دەزگا سەربازییە، بەمجۆرە باس لە هەڵوێستی لیوا کەمال موفتی بەرامبەر بە رژێمی عێراقو رەزامەندیی دروستکردنەوەی پەیوەندیی ناوبراو کراوە.

لە بڕگەی (و)ی بەندی یەکی راپۆرتەکە باس لە چالاکییەکانی رەسوڵ ئەسعەد شیتنە دەکات کە دوو چالاکیی زۆر گرنگن، یەکەمیان تایبەتە بە پەیوەندیی (رەسوڵ شیتنە)و (کەمال موفتی)، راپۆرتەکە بەمجۆرەی خوارەوە ئاماژە بە پەیوەندییەکە دەکات:

"رەسوڵ شیتنە پەیوەندییەکی لەمێژینەی بە لیوای خانەنشینکراوی هەڵهاتوو (کەمال موفتی)یەوە هەیە، ئێستا ناوبراو بە وەزیری پێشمەرگە ناونراوە. لەم دواییانەدا، رەسوڵ شیتنە پەیوەندی پێوەکردووەو ناوبراو پەشیمانیی خۆی دەربڕیوە لەوەی لە رابردوودا کردوویەتیو نارازییە لەو حاڵەی کە پێیدا تێدەپەڕێتو ئاماژەی بەوەداوە سەرکردایەتیی تێکدەران وەك پێویست گرنگی پێنادەن، هەربۆیە ئێستا لە موعاناتدا دەژی، ئەم بارودۆخەشی بە نامەیەکی نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەرزکردۆتەوەو (ویستوویەتی بە رەسوڵ-دا بینێرێت). سەبارەت بە گوزارشتکردن لەو بارودۆخەی کە تیایەتی، دواتر لە ترسی ئاشکرابوونو دەرنەچوون لە کۆنترۆڵی بازگەکانی تێکدەران، نەیویستووە نامەکە بە نووسراوی بنێرێت، بەڵام ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ گوێگرتن لە رێنماییەکانمانو زانیاریی تەواومان لەبەردەستدایە کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سەرکردایەتیی تێکدەران بێنیازن لە لیوای هەڵهاتوو (کەمال موفتی)".

راپۆرتەکەی دەزگای هەواڵگریی سەربازیی، زۆر گرنگی بەم هەڵوێستەی لیوا (کەمال موفتی) دەدا، بۆیە لە بەندی سێ-ی راپۆرتەکەدا، ئەو دەزگایە داوا لە وەزارەتی بەرگری دەکات کە رەزامەندیی بدات لەسەر بڕیاردان بە (ئاگادارکردنەوەی رەسوڵ بۆ ئەوەی نامەیەکی نووسراو (رسالە تحریریە) لە لیوای خانەنشینکراوی هەڵهاتوو (کەمال موفتی)یەوە بهێنێت بۆ دەزگای هەواڵگریی سەربازیی".

پەراوێزی سەرەکی راپۆرتەکە، تایبەتە بە رەزامەندیی تەواوەتی رژێم بۆ گەڕانەوەی بێمەرجی لیوا (کەمال موفتی) بۆ بەغدا.


بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية

وزارة الدفاع

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

سري وشخصي

العدد: ش٣/ ق٥ / ١٠٥٣

التاريخ: ٢٣ شعبان ١٤١٣هـ

١٤ شباط ١٩٩٣م

سيدي عضو مجلس قيادة الثورة - وزير الدفاع المحترم

وطلب هويته) واخذوا يتصورون بأن هناك انفجارات اخرى ستحدث في اي وقت وأي مكان .

هـ. لغرض امتصاص نقمة الأهالي ومحاولة أشاعة الأمل فأن المخربين يروجون بين فترة واخرى بأن أحد السادة المسؤولين قد زار اربيل سراً للأتصال بقياداتهم وان هناك مشروع لأستئناف الحوار .

و. أوضح رسول اسعد شيتنه مايلي :-

اولاً. لديه علاقة قديمة باللواء المتقاعد الهارب كمال المفتي (الذي أسموه بوزير البيشمركه) وقد التقى به مؤخراً وابدى المذكور ندمه على ما أقدم عليه وتذمره من الظروف التي يمر بها والعوز الذي يعاني منه وعدم اهتمام قيادات التخريب به وكان قد شرع بكتابة رسالة تحريرية الى مديريتنا (وارسالها بيد رسول) للتعبير عن ذلك إلا أنه عدل عن كتابة الرسالة خوفاً من ضبطها من قبل سيطرات المخربين وابدى استعداده لسماع توجيهاتنا ... وتوفرت لدينا معلومات تشير بأن قيادات التخريب بصدد الاستغناء عن اللواء الهارب كمال المفتي .